# دیوە ژینگەییەکەی پرۆژەی رووناکی؛ کۆتایی دەردانی 2 ملیۆن تۆن دووانەئۆکسیدی کاربۆن و بەفیڕۆنەچوونی 1.5 ملیۆن مەتر سێجا ئاو

06-11-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** لێرەدا، هەڵوەستە لەسەر دوو دیوی ژینگەی ئەم پرۆژەیە دەکەین کە کاریگەری گەورەی لەسەر دەردانی دووانەئۆسیدی کاربۆن و گازەکانی دیکە بۆ ژینگە و کەشوهەوای هەرێمی کوردستان دەبێت، یەکەمیان رێکخستنەوەی خواست و بەفیڕۆنەچوونی وزەیە لەرێگەی کارەباوە، دووەمیان کۆتایهێنان بەئیشپێکردنی 7 هەزار مۆلیدە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە گازوایلەوە.

## بەرایی

دوای ساڵێک لە راگەیاندنی پرۆژەی رووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای 24 کاژێری ئێستا رێژەی 70٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کارەباکەیان لەم پرۆژەوە سەرچاوە دەگرێت و بڕیاریشە تاوەکو کۆتایی ساڵی داهاتوو هەر پێنج جۆرە هاوبەشەکەی کارەبا لە هەموو سنووورە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە.

بەپێی داتاکانی تیمی پرۆژەی رووناکی تاوەکو 3ی تشرینی دووەمی 2025 کۆی ئەو هاوڵاتیانەی سوود لە پرۆژەکە دەبینین گەیشتووەتە 4 ملیۆن و 427 هەزار و 500 هاوڵاتی لە چوار پارێزگا و سێ ئیدارەی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان. لەم ژمارەیەش کۆی هاوبەشەکانی ماڵان لە پرۆژەکەدا گەیشتووەتە 985 هەزار هاوبەش و هاوبەشە بازرگانییەکانیش گەیشتووەتە 122 هەزار دانە.

لە بەرامبەردا، بەپێی رووپێوییەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کە ئاماری مۆلیدە تایبەتەکانی لە پارێزگاکان (2021) خستووەتەڕوو، ژمارەی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان 7 هەزار و 354 مۆلیدەیە کەوا لە رۆژێکدا بەتێکڕا 9 کاژێر کارەباییان بۆ یەک ملیۆن و 311 هەزار و 598 هاوبەش دابینکردووە.

ئێستا، بڕیارە پرۆژەی رووناکی کۆتایی بەچیرۆکی کارەبای مۆلیدە و کارەبای حکومی، کەمبوونەوەی پێدانی کاژێرەکانی کارەبا لە چلەی هاوین و زستان نەک تەنیا بۆ دانیشتوانی شارە گەورەکان یان پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بگرە بۆ هەموو هاوبەشەکانی کارەبا وەک ماڵ، بازرگانی، کشتووکاڵی، پیشەسازی و میری بهێنێت.

لێرەدا، هەڵوەستە لەسەر دوو دیوی ژینگەی ئەم پرۆژەیە دەکەین کە کاریگەری گەورەی لەسەر دەردانی دووانەئۆسیدی کاربۆن و گازەکانی دیکە بۆ ژینگە و کەشوهەوای هەرێمی کوردستان دەبێت، یەکەمیان رێکخستنەوەی خواست و بەفیڕۆنەچوونی وزەیە لەرێگەی کارەباوە، دووەمیان کۆتایهێنان بەئیشپێکردنی 7 هەزار مۆلیدە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە گازوایلەوە.

## ژمارەکانی پشت کۆتایی ئیشپێکردنی 7 هەزار مۆلیدە لە هەرێمی کوردستان

بەپێی رووپێوییەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ئاماری عێراق کە لەساڵی 2022 کراوە و کۆتاییەکانی ساڵی رابردوو بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی مۆلیدەکان لەهەموو پارێزگاکان بەشێوەیەکە کە زۆرترینی لەپارێزگای هەولێر بووە کە 3 هەزار و 776 مۆلیدە بووە، بەدواییدا پارێزگای دهۆک هاتووە کە 1819 مۆلیدەیە، ئینجا پارێزگای سلێمانی کە 1759 مۆلیدەیە، ئەم ژمارەیەش پارێزگای هەڵەبجەی لەخۆگرتووە و لۆیەش لە هەولێر و دهۆک ژمارەکەی کەمترە چونکە قەزایەکەی وەک دوکان مۆلیدەی نەبووە بەڵکوو بەردەوام کارەبای حکومی بۆ دابینکراوە ئەگەر 24 کاژێریش نەبووبێت.

هەروەها، تاوەکو ئێستا ژمارەی مۆلیدە کوژاوەکان گەشتووەتە 3789 مۆلیدە لەکۆی 7354 مۆلیدە، واتە هێشتا 3565 مۆلیدە ماوە بکوژێنرێتەوە کە بەپێی پارێزگاکان هەولێر 1452 مۆلیدە، دهۆک 1123 مۆلیدە و سلێمانی 990 مۆلیدەیە و، ئەم رووە ژینگەیەی لێرەدا بۆ دەردانی گازەکان خراوەتەڕوو بەتەواوی بەدی بێت.

بەپێی رووپێوییەکە ئەم 7 هەزار و 354 مۆلیدەیە بەتێکڕا بۆ دابینکردنی 9 کاژێر کارەبا لە 24 کاژێردا، ئەوا لەساڵێکدا بڕی 754 ملیۆن و 822 هەزار لیتر گازوایل (Diesel) بەکارهێناوە بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ 1 ملیۆن و 311 هەزار و 598 هاوبەش ، کە بڕەکەی بە ئەمپێر ساڵانە 5 ملیۆن و 290 هەزار و 169 ئەمپێر بووە.


ئەم مۆلیدانە ساڵانە بڕی 1 ملیۆن و 154 هەزار و 391 مەتر سێجا ئاویان بەکارهێناوە بۆ ساردکردنەوەی مەکینەی مۆلیدەکان، کە رێژەی 64٪ ئاوی تۆڕی گشتی دابینکردنی ئاوی حکومیان بەکارهێناوە.

لەکاتێکدا باس لەکۆتایی کارپێکردنی مۆلیدەکان بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ دانیشتوان و شوێنە بازرگانییەکان دەکەین نابێت ئاماژە بەوەش نەکەین کەوا کۆتایی ئیشپێکردنی ئەم مۆلیدانە بەواتای بێکاربوونی 7 هەزار و 746 کرێکار دێت کە تێکرای داهاتی مانگانەیان 392 هەزار دینار بووە، کەمبوونی داهاتی 3108 خاوەن مۆلیدە کەوا 14یان ئافرەت بووە. ئەم سێکتەرە ساڵانە داهاتی 726 ملیار دینار بۆ خاوەن مۆلیدەکان هەبووە، بەشێوەیەک لە هەولێر 290 ملیار دینار، سلێمانی 216 ملیار دینار و دهۆک 219 ملیار دینار بووە.

ئەم ژمارانەی لەگرافیکی خوارەوەدا هاتووە تاوەکو کۆتایی 2026 دەبێتە سفر، چونکە مۆلیدەکان دەکوژێنەوە و بەکارهێنانی گازوایل

سفر دەبێت، ئاوی تۆڕە گشتییەکان بۆ ساردکردنەوە بەکارنایەت.


گرافیکی 01: کۆتایی ژمارەکانی مۆلیدەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان



هەروەها، ژمارەی هەموو هاوبەشەکانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان ( ماڵ، بازرگانی، پیشەسازی، کشتووکاڵی و میری)  1 ملیۆن 900 هەزار هاوبەشە و تاوەکو ئێستا ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پرۆژەی رووناکیان پێگەیشتووە گەشتووەتە 1 ملیۆن و 107 هەزار.

بەپێی داتاکانی پرۆژەکە، لەرووی نرخەوە بەشێوەیەکە کە نرخی گەڕاوە یان بەهای پارەکە دەکەوێتەسەر بەکارهێنانی کارەبا. بڕەکەش لە مانگەکانی ساڵ جیاوازە و، بەرزترینی لەمانگی کانوونی دووەمی 2025 بووە گەشتووەتە 91 هەزار دینار و نزمترین لە ئایار  ئەمساڵدایە کەوا 20 هەزار دینارە وەکو لە گرافیکی خوارەوەدا هاتووە.

گرافیکی 02: نرخی هاوبەشی بەکارهێنانی کارەبا بۆ هاوبەشەکان لە پرۆژەی رووناکی مانگانە لە تشرینی یەکەمی 2024وە تاوەکو ئەیلوول 2025




سەرچاوە: ماڵپەڕی پرۆژەی رووناکی، وەرگیراوە لە رۆژی 4ی تشرینی دووەمی 2025، کاژێر 14:00.

تێبینی نرخی هاوبەش Median، واتە تێکرا Average نییە بەڵکوو لەنیو سێ ژمارەدا دوو نزیکترین وەردەگرێت تاوەکو هەر سێ ژمارەکە کۆبکرێتەوە و دابەشی سێ بکرێت.

## پرۆژەی رووناکی؛ دیوە ژینگەییەکانی گۆڕینی خواست و سەرچاوەی بەرهەمهێنانی کارەبا

ئەم پرۆژەیە دوو رووی جیاوازی ژینگەیی هەیە، یەکەمیان کەمکردنەوەی خواست بووە بۆ بەکارهێنانی کارەبا یاخود گلێرکردنەوەی بەکارهێنانی ناپێویستی وزە لەرێگەی کارەباوە هەم لە بەفیڕۆچوونی تۆڕەکان و هەمیش لەلایەن هاوڵاتیانەوە، دووەمیش گۆڕینی سەرچاوەی دابینکردنی کارەبا بووە بۆ دانیشتوان لە گازوایلی مۆلیدەکان و نەوتی رەشەوە بۆ گازی سرووشتی، کە ئەم دوو گۆڕانکارییە وادەکات لێکەوتەی گەورەی لەسەر ژینگەی ئاو، هەوا و خاکی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا هەبێت.

یەکەمیان لەرووی خواستەوە بۆ کارەبا، بەپێی وەزیری کارەبا لەماوەی رابردوودا پەستانی سەر بەکارهێنانی کارەبا لەسەر ویستگەکان لەو شوێنانەی پرۆژەکەی پێگەیشتووە رێژەی 40٪ کەمیکردووە، واتە ئەگەر بۆ گەڕەکێک پێش پرۆژەکە 10 میگاوات پێویست بووبێت، ئەوا ئێستا بۆ هەمان گەڕەک 6 مێگاوات پێویستە. هەرئەمەشە وایکردووە ئەو بڕە کارەبایەی دابیندەکرێت بتوانێت خواستی 24 کاژێری بۆ کارەبا پڕبکاتەوە تاوەکو دوو هێندەکردنی بڕی بەرهەمهێنان.

بۆ نموونە لەماوەکانی رابردوودا کاتێک خواست دەگەیشتە دوو هێندە بەرهەمهێنان کاژێرەکانی پێدانی کارەبا کەمدەکرایەوە، بەڵام

ئێستا سەرەڕای ئەوەی کۆی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان 4200 مێگاوات، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو شوێنانەی کارەبا دەبێت بە 24 کاژێری زیاتر دەبێت، لەکاتێکدا لە چلەی هاوین و چلەی زستان خواست بەرز دەبووە بۆ 7500 مێگاوات، بەڵام ئێستا ڕێژەی 70٪ دانیشتوان کارەبای 24 کاژێرییە و بڕی 1200 مێگاوات دەدرێت بەبەغدا، چونکە هێندەی ڕێکخستنەوەی خواستە لەهەموو ڕووەکانەوە هێندە زیادکردنی بڕی خستنەڕوو نەبووە.

هەروەها، ئەم ڕێژەی کەمبوونەوەی خواستە بۆ کارەبا بەهۆی پرۆژەی ڕووناکییەوە ئەگەر لەکۆی گشتی بەکارهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بگاتە 1000 میگاوات، واتە یەک لەسەر چواری بڕی دابینکردنی کارەبای پێشوو گەڕاوەتەوە نیو تۆڕەکانی کارەبا و یەکسانە بە دابینکردنی کارەبای بۆ دانیشتوانی شارێک کە نزیکەی 750 بۆ 1 ملیۆن ماڵ بێت و لەشەو ڕۆژێکدا 30 کیلۆوات کارەبا بەکاربهێنن.

لەڕووە ژینگەیەکەوە بۆ پاراستنی هەوا لە پیسبوون، بەپێی فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا eia بڕی سووتانی 1 لیتر گازوایل ئەوا بڕی 2.68 کیلۆگرام دووانەئۆکسدی کاربۆن بۆ هەر لیترێک دەردەدات ، بەمشێوەیەش کوژاندنەوەی ئەو 7 هەزار مولیدەیە یان نەسووتانی ساڵانەی ئەو 754 ملیۆن لیتر گازوایلە یەکسانە بە دەرنەدانی 2.02 ملیۆن تۆن دووانەئۆکسیدی کاربۆن.

سووتانی گازوایل جگە لەدەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن، ئەوا دەبێتەهۆی دەردانی گازە زیانبەخشەکانی وەک نایترۆجین ئۆکساید، کاربۆن مۆنۆکساید، سولفەر دایۆکساید و کاربۆن ڕەش و زیادکردنی چڕی گەردیلە بچووکەکان لە هەوا وەک PM2.5 و PM1.0 کەهەموویان هەوا و ژینگە پیس دەکەن.

بۆ نموونە بڕی ئەو گازوایلەی سووتاوە لەساڵێکدا بووەتەهۆی دەردانی 15 هەزار تۆن نایترۆجین ئۆکساید، 7.5 هەزار تۆن کاربۆن مۆنۆکساید و 1.2 هەزار تۆن کاربۆی ڕەش کە ئەمانەش سەرچاوەی نەخۆشی سەرەتان، ترشەباران، گەرمبوونی کەش و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بووە. بڕوانە گرافیکی خوارەوە لەبارەی بڕی دەردانی گازەکانەوە لەو سووتەمەنیەی بۆ 9 کاژێر پیدانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لەساڵی 2021 بەکارهاتووە.

لەڕوویەکی دیکەشەوە، کۆتایی چیرۆکی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا وەک ئەوە وایە 80 ملیۆن دار لە ژینگەی هەرێمی کوردستان روینرا بێت و ساڵانە هەر دارێک بڕی 25 کیلۆگرام دووانەئۆکسیدی کاربۆن لە هەواوە وەربگرن یان سڕینەوەی 441 هەزار ئۆتۆمبیل لەسەر شەقامەکان کە ڕۆژانە سووتەمەنی بەکاردەهێنن و گازە جیاوازەکان بڵاودەکەنەوە لە هەوا دا.

گرافیک 03: جیاوازی کوژاندنەوەی هەموو مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن و گازەکانی دیکە


CO2
دووانەئۆکسیدی کاربۆن
2.02
ملیۆن تۆن
NO
نایترۆجین ئۆکساید
15000
تۆن
CO
کاربۆن مۆنۆکساید
7500
تۆن
SOOT
کاربۆن رەش
1200
تۆن
PM10
گردیلەی لە هەوا
3000
تۆن
PM2.5
گەردیلەی بچووک
4500
تۆن
SO2
سولفەر دایۆکساید
4500
تۆن
81 ملیۆن دار
441 هەزار ئۆتۆمبیل

تێبینی1، لێکدانەوەی بڕی دووانەئۆکدیسی کاربۆن لەسەر بنەمای ئاژانسی پاراستنی ژینگەی ئەمریکا EPA بۆ سووتانی هەر لیترێک گازوایل 2.64 کیلۆگرام دووانەئۆکسیدی کاربۆن دەردرێت. لەسەر بنەمای ئەوەی ساڵانە بۆ هەر ئۆتۆمبیل ئاسایی 4.6 تۆم دووانەئۆکسیدی کاربۆ دەردەدات.

تێبینی2، لەسەر بنەمای ئەوە کراوە کە دارێک لەساڵێکدا 25 کیلۆگرام دووانەئۆکسیدی کاربۆن وەردەگرێتەوە لە هەواوە

## کۆتایی

ئەم گۆڕانکارییەی دابینکردنی وزە لە هەرێمی کوردستان هاوتایە لەگەڵ دوو ترێند کە زیادبوونی خواست بۆ وزەی کارەبا و گرتنەبەری رێگاکان بۆ کەمکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لەسەروو هەموویانەوە کاریگەری دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن.

پرۆژەی رووناکی لەم دوو رووە هەنگاوی گەورەیە، یەکەمیان بەرێکخستنەوەی خواست و کەمکردنەوەی بەفیرۆچوونی کارەبا پێچەوانەی ئەو تریندەی زیادبوونی خواست دەبێت بەتایبەتیش لە رۆژهەڵاتی نێوەراست، سەرەڕای کۆتاپێپێهێنان بە چیرۆکی سێ دەیەی کارەبای حکومی و مۆلیدە و دابینکردنی کارەبا.

دووەمیان، گرتنەبەری رێگەی جیاوازە بۆ کەمکردنەوەی گازە زیانبەخشەکان و دووانەئۆکسیدی کاربۆن، کە ئێستا لە جیهان گفتوگۆ لەبارەی پرۆژەی جیاواز و رێگەی جیاواز دەکرێت وەک کەمکردنەوە و بەکارنەهێنانی نەوت، وەرگرتنەوەی دووانەئۆکسیدی کاربۆن لە هەوا، بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی کارەبایی، پرۆژەی سەوزکردن و هتد، لەم رووەشەوە ئەم پرۆژەیە ساڵانە بەشدار دەبێت لە دەرنەدانی گازی جیاواز بۆ هەوا، لەسەروو هەموویانەوە دەرنەدانی 2.02 ملیۆن تۆن دووانەئۆکسیدی کاربۆن، کەمکردنەوەی رێژەی تەنۆلکە پیسەکان لە نێو هەوادا PM2.5، کە دەبێت زیاتر نەبێت لە پێنج مایکۆگرام لە هەر یەک مەتر سێجا و کەمکردنەوەی ژاوەژاوی دەنگ لە هەوا.